بۆ: شەوە تاریك و بەفرینەكانی (شێروان مەزن)

جەمال عوسمان
jamalgar@yahoo.com

كە دەفتەری یاداشتەكانم دەكەمەوە،روانینم دەبا ڕوباری كۆڤان

زستان بوو،لە پەنجەرەوە سەیرم دەكرد:ئاسمان لە داخی كۆچی خۆر سەرتاپا ڕەشی پۆشیبوو،شەوی برسیش لەتێك مانگی قرتاندبوو،دەستی (با) هەورەكانی لە باشوورەوە هەڵدەكێشا و بەرەو باكوورپاڵی دەنان.ئەو هەورانە هەناویان پڕبوو، پێدەچو _دیسان _بچن داخی دڵیان بەسەر شانی شاخ و درەختان هەڵبڕێژن.ناوە ناوەش وەڕینی سەگ و تەقەی دوور بێدەنگی شاریان شەق دەكرد.تریفەی مانگی قرتاویش،وەك پاسەوانی گەڕەك،سەری دەكردە سەر كۆڵان و،لەتاریكایی ئەوسەر ڕادەما.

لە باوەشی ساردی ژوورێك دانیشتبووم..،بێدەنگتر لە شەو،دەروونیشم،لەكراسی ئاسمان تۆختر...

ئەو عەسرە،كە تەنها بووم لەوێ،تەمێكی خەست لووتكەی كێوە دوورەكانی داگرتبوو _هەر كتومت دەتوت تەمی خەمەو سەری منیان داگرتووە_هەناسەیەكم هەڵكێشا،چۆلەكەی خەون و خەمەكانم بەرەوڵای ئەم ئاسمانە بەرینە كرد.خۆزگەم دەخواست،بێباكی كەنارێكی بەردین بووام لە ئاست سەرشێتی شە پۆڵەكان.

*"تا ئێستاش ئاشنایەكی بێگانەی بەم زەریایە پان و پۆڕە،نیگەرانیت لە سەوڵ لێدان ناكەوێ،تەمای كەنارێكت هەیە بۆ حەسانەوە،سەر دەكەیتە ئەم كیشوەر وئەو كیشوەر،ونتر دەبی،نازانی دڵارامی لە كوێ چاوەڕێتەو،لەكام لاوە بانگت دەكا.پێتوایە دڵەڕاوكێت زنارێكە تا ناوقەدت لەژێریدای...چەندین جاریش لەگێژەڵاو گێژت خواردووە،لەهەرگێژێك،كوتەڵی ماندووت خۆی بە ڕەنگێك نیشان داوە.*

*دەزانی هەورەكانیش خیانەتیان لێت كرد؟!خۆریان لێت شاردەوە تا نەزانی لە كوێ هەڵدێ و بۆكوێ ڕادەكا."*

:ئای بۆ شانێكی مهرەبان!سەری قورست بخەیتە سەری..

*"لە ئاوا هەسارەیەك،زۆرن ئەوانەی كە ناتناسن،كەنازانن (من) ئێك هەم _ بەبێدەنگی _لە مەودای نێوان كازیوە و زەردەپەڕدا هەناسە بێرەنگەكانم تێكەڵ بە پرچی خۆر دەكەم، _ بەبێدەنگی _دەستەكانی دڵی نامۆم دەخەمە ژێر چەناگەی مێشكی كفتم."*

بیرم دەكردەوە...بیر...بیر...

ماتبوون دەیوت : تۆ،دوانیگای بەر لە كۆچی باڵندەیەكی.

بێدەنگی دەیوت : تۆ ئاوازێكی،سەرووی بیستن.

ڕامان دەیوت : تۆ ڕازێكی ئەفسوناوی.

من دەیوت : تۆ شەقەی باڵی شەوفرێكی بەنێو خامۆشی تاریكیدا،بەلام،بەرەو كوێ...؟!

بیرم دەكردەوە...بیر...بیر...

مەغریب هاتبوو،شاری ماندوو خۆی لە شوێنپێی ڕێبوارە ماندووەكان دادەوەشاند.منیش،بەرەو ماڵ ببومەوە...لە ڕێگادا،خەیاڵی ماندووم خۆی لە شوێنپێی خولیا ماندووەكانم دادەوەشاند...

ئێستاش وا لێرەم، لە باوەشی ساردی ژوورەكەمدا،بێدەنگتر لە شەو،دەروونیشم،لە كراسی ئاسمان تۆختر،وەك ئەو شەوە _تەنها ئەوەندە نەبێ_گڕی فانۆسە ڕەنگ مسی یەكە لە كانیلەی چاوەكانم دەلەرێتەوە..!!